


# باراباس، یان مرۆڤێکی تەنیا و نیگەران

هاشم سەڕاج

«باراباس» ڕۆمانێکی نووسەری سوێدی «پییێر لاگەرکیڤیست ١٨٩١-١٩٧٤»ـە و «خەبات عارف» لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی.

پییێر لاگەرکیڤیست ساڵی ١٩٥١ لە بواری ئەدەبدا خەڵاتی نۆبڵی بە دەست هێناوە.

بەرلەوەی لە کەسایەتی «باراباس» بدوێم، پێم باشە لە بارەی واتای ناوەکەیەوە هەندێک زانیاری بخەمەڕوو، ناوی باراباس لە دووبەش، یان لە دوو بڕگە پێکهاتووە، بار= واتای کوڕ، کوڕی.. دەدات، ئەباس= بە واتای «باوک» ، باراباس بە هەردوو بەشەکەی واتە کوڕی باوکێک، یان کوڕی کەسێک، لە هەندێک سەرچاوەی تری ئینجیلیدا هاتووە. باراباس، یان کوڕی باوک، یان کوڕی گەورەیەک، ئاغایەک، مامۆستایەک، چونکە وشەی ئەبا ، یان ئەباس بۆ گەورەیی و مەزنایەتی بەکاردەبرێت، لە هەندێک نوسخەی سریانیدا بار- ربان بە واتای کوڕی پێگەیەنەر، یان کوڕی مامۆستا بەکارهاتووە، گرنگ ئەوەیە کەسایەتی باراباس لە زۆربەی ئینجیلەکانی وەک (مەتی و مەرقس)دا...تاد بە تاوانبار لە قەڵەم دراوە، یوحنا دەڵێت: باراباس کەسێکی دز و ڕێگربووە، یان وەک سەرۆکی چەتەکان ناوی دەبات، هاوکات دەستەواژەی «یەسووع باراباس» لە ئینجیلی «مەتی»دا هاتووە، کە مەبەستی «مەسیح» یان «یەسووعی ناصری»یە، کە بە کوڕی خودا ناوی دەبرێت، هەروەها لە ئینجیلی «مەتی و مەرقس»دا هاتووە کە باراباس ئەو تاوانبارەیە، کە کۆمەڵێک جوولەکە لە جەژنی پیساکدا داوایان لە دەسەڵاتی ڕۆما کردووە لە زیندان ئازادی بکات و لە جیاتی ئەو یەسووعی ناصری لە خاچ بدرێت، ئەمەیش بە فیت و تەفرەدانی کۆمەڵێک کاهین و پیر و ئەحباری جوولەکە جێبەجێ کرا، چونکە ئەوسا چەند بزاڤێکی سیاسی خەریک بوو دژی دەسەڵاتی ڕۆمانییەکان سەری هەڵدەدا و بەشێوەیەکی نهێنی کاریان بۆ ئەم مەبەستە دەکرد، «پییێر لاگەرکیڤیست»ی دانەر، لەم ڕۆمانەدا زۆر بە قووڵی کار لەسەر کەسایەتی «باراباس» دەکات و بە

شێوازێکی سایکۆلۆژی لایەنە بەش بەشبووەکانی سوژە «سوبێکت»ی «باراباس» دەخاتەڕوو، یەکێک، یان کەسێک وەک ڕاوی و گێڕەرەوە لە دەسپێکی نووسینەوە تا کۆتایی کردەی نووسین ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، لە کردەی گێڕانەوەشدا زۆرتر جەخت لەسەر ژیان و ڕەفتار و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی «باراباس» دەکرێت، [باراباس، پیاوێک بوو لە دەوروبەری سی ساڵاندا و بەخۆوە کەتە، پێستی زەردهەڵگەڕاو ڕیشی مەیلەو سوور و قژی ڕەش، برۆکانیشی هەر ڕەش بوون، چاویشی وەک ئەوەی نیگاو تێرامان بیانەوێ خۆیانی تێدا بشارنەوە بە قووڵیدا چووبوون، لەژێر چاویشیدا جێ برینێکی قووڵ کە بەرەو ڕیشی داخزابوو].

ڕۆمانی باراباس بە ئەتمۆسفێرێکی تراژیدی نووسراوە، کردەی گێڕانەوە بە شێنەیی کارەکتەر و کەسایەتییەکان بەرەو دیالۆگ دەبات، دەتوانم بڵێم دەقی باراباس لێوانلێوە لە دیالۆگی ناوەکی، جارجارەش خۆدواندن و خستنەڕووی لایەنە تەمومژاوییەکانی ناخود ئاگا، بە تایبەتی کەسایەتی باراباس، کە زۆرتر وەک مرۆڤێکی ئەتایست «ملحد» و بێ باوەڕ دەردەکەوێت، ئەمە وەک حاڵەتێکی بەرچاو و ڕووکەش، بەڵام لە بنەڕەتدا باراباس کەسێکی تەنیا و نیگەرانە و لە نێوان خورافە و ڕاستی و باوەڕدا گینگڵ دەخوات و دەیەوێت لە ناخەوە باوەڕ بێنێت و بەدوای خودایەکدا دەگەڕێت، لە دڵ و دەروونەوە بڕوای پێ هەبێت و خۆشی بوێت، لای باراباس لەم جیهانە توند و تیژ و پڕ ستەم و وەحشگەرییەدا پەیام و ڕێنماییەکانی «مەسیح» بەس نین، ئێمە لە جیهانێکدا دەژین لێوانلێوە لە ستەم و نادادپەروەری و چەوساندنەوە و گەندەڵی. دەشێت ئەم دەربڕینە خوێندنەوەیەک بێت بۆ چۆنیەتی لایەنە شاراوەکەی بیرکردنەوەی باراباس، لە ڕوویەکی دیکەوە «پێر لاگەرکیڤیست»ی دانەر، لەم ڕۆمانەدا هەوڵی داوە بە شێوازێکی شیعری کار لەسەر ستەم و نادادپەروەرییە کەڵەکەبووەکانی مێژوو بکات، بە تایبەتی مێژووی قۆناغی دەسەڵاتی ڕۆمانی، ئەمەیش لە ڕێگەی خستنەڕووی کۆمەڵێک وێنە و دیمەنی تراژیدی، کۆیلە لاواز و کڵۆڵەکان چۆن لە گاسن دەبەسترێن، ساهاک و باراباس، پێکەوە لە یەک گاسن دەبەسترێن، بەڵام ئەوان وەک دوو بارگیر خوویان بەیەکەوە گرتبوو. دەقی باراباس بە کۆمەڵێک بەشی مەیلە و کورت نووسراوە، ڕووداوەکان زیاتر لە ڕێگەی تەکنیکی گێڕانەوە و دیالۆگی ناوەکییەوە بەڕێوە دەبرێن، دەق لە دەسپێکی نووسینەوە کۆمەڵێک دیمەنی ژیانی، یان ژیانکردن دەخاتەڕوو، کە ئاماژەن بۆ چەمکی شادی و ژیاندۆستی، یان پەیوەستن بەو چرکەساتانەوە کە جارێک دەسەڵات دەستی بۆ نەبردووە، بۆیە ئەم دیمەنانە جارێک چێژ و خۆشی و پاکییەکی خۆرسکییان لێ دەتکێت و بەردەوامی بە ڕۆیشتنی سەیرووڕەی ژیان دەدەن، ڕۆیشتنێک پڕاوپڕ لە جوانی و پاکی و میهرەبانی، کاتێک ڕابینە ماندووە کە [«یەسووعی ناصری» بەرەو گردی خاچەکان دەبەن، جگە لە سەربازە ڕۆمییەکان، ژن و منداڵە وردکە لەنێو حەشاماتەکەدا بوون، منداڵەکان بۆ کات بەسەربردن و ڕابواردن لە دەوروبەری کەسێکدا کۆ دەبوونەوە، کە بەنێو کۆڵانەکانی ئەواندا بۆ لە خاچدان دەبرا، بەڵام منداڵەکان دوای ئەوەی سەیری ئەو پیاوەیان کرد، کە لە دوای ئەوانی ترەوە ڕێی دەکرد و جێ برینێکی درێژ بەلایەکی ڕوومەتییەوە داخزا بوو، ماندوو بوون و گەڕانەوە سەر یارییەکانی خۆیان] دەقی باراباس لێرە و لەم پارچە نووسینەدا بە شێوازێکی پارادۆکسی و ئایرۆنی، جۆرێک لە جیاکاری لەنێوان دیمەنی قێزەونی گەمەکانی دەسەڵات و دیمەنی پڕ لە پاکی گەمەکانی منداڵەکان دەخاتە ڕوو.

هەڵبەتە دیمەنی دووەم، کە پەیوەستە بە یاری منداڵەکان خاڵی نییە لە فەزای شیعرگەرایی، گوزارشت لە چێژ و خۆشی دەورانی منداڵی دەکات، دیمەنێکی تر لەوانەیە لە ڕووی واتاوە بە پێچەوانەی ئەم دیمەنە دابنرێت.. کاتێک یەسووعی ناصری لە خاچ دەدرا [پاسەوانەکان نەختێک لە خوارترەوە دانیشتبوون، خەریکی زار هەڵدان و کایەی خۆیان بوون و بێزار بووبوون لەوەی بۆچی ئەوانەی هەڵواسرابوون گیانیان دەرنەدەچوو] ڕاستە، دیمەنی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری پاسەوانەکان لە «ئینجل»دا

باسی لێوەکراوە، بەڵام دەق چەشنی دیمەن و وێنەیەکی شیعری مامەڵەی لەگەڵ ڕەفتاری پاسەوانەکان کردووە، دەکرێت بڵێم موجیزەکانی «مەسیح»یش لە ڕووی میتافیزیکییەوە، بە تایبەتی لە کاتی لە خاچدانی کە بەهێزێکی نادیارەوە پەیوەستە، وەک دیاردە «فینۆمینە»یەکی سروشتی و بەشێوەی دیمەن و وێنەیەکی شیعری مامەڵەی لەگەڵ کراوە]، بەڵام لە پڕ وەک ئەوەی خۆر هیچ هێز و پێزێکی تێدا نەمابێ، تاریکی باڵی بەسەر گردەکەدا کێشا و ئەو ناوە نیوەتاریک بوو، لە سەرەوەش لە خاچدراوەکە هاواری کرد «خودایە، خواکەی من بۆ وا تەنیا بەجێت هێشتووم، یان کاتێک «ساهاک» لە خاچ دەدرێت باراباس خۆی لە پشت چەند گوڵە هێرۆیەکەوە دەشارێتەوە، گوڵە هێرۆ زۆرتر لە گۆڕستانەکان بەرچاو دەکەوێت، مەبەستم ئەوەیە دەقی باراباس، لە ڕووی جەمسەری هونەرییەوە بایەخێکی زۆری بە دیمەن و وێنە و ڕستەی شیعری داوە، پییێرلاگەرکیڤیسن، لەم ڕۆمانەدا زۆر بە وردی کاری لەسەر چەمکی تیۆلۆجی و ئایینی و قۆناغ و تراژیدیای دەسەڵاتی ڕۆمانی کردووە، مەینەت و زەبروزەنگ و توندوتیژی و ڕەوشی چەوساندنەوەی ئەوسای دەسەلات، بەشێوەی دیمەن و وێنەی شیعری خراونەتە ڕوو، هەروەها دەق بەپێچەوانەی ڕوانینی ئینجیلەکان، مامەڵەی لەگەڵ کەسایەتی «باراباس» کردووە، چونکە ئینجیلەکان باراباس وەک دز و سەرۆکی جەردە و چەتەکان لە قەڵەم دەدەن و وای بۆ دەچن کە لە ڕێگەی گوشاری کاهین و ئەحبارە جووەکانەوە بۆ سەر دەسەڵاتی ڕۆمانی توانراوە باراباس لە زیندان ئازاد بکرێت و لە بری ئەو یەسووعی ناصری لە خاچ بدرێت، کەچی دانەری ئەم ڕۆمانە بە ڕوانین و دنیابینییەکی تر کاری لەسەر کەسایەتی باراباس کردووە.

باراباس لە دەسپێکی نووسینەوە وەک کارەکتەرێکی سینەمایی دەردەکەوێت و تەنیا و دوورەپەرێز و نیگەران، دوور بە دوور بە دوای خەڵکە کۆوەبووەکە کەوتبوو، یەسووعی ناصری لەژێر خاچەکەیدا بەلادا دەهات، [بێ گومان جگە لە سەربازە ڕۆمییەکان، پیاوانێکی زۆر لەنێو خەڵکەکەدا نەبوون و زۆربەیان ژن بوون و دوای ئەو کەسە کەوتبوون کە سزای مەرگی بەسەردا درابوو] دەق شێوەی لە خاچدانی مەسیح وەک گرتەیەکی سینەمایی نیشان دەدات، باراباس کە تازە لە زیندان ئازاد کرابوو، هیچ پێوەندییەکی بەم پیاوەوە نەبوو کە سزای مەرگی بەسەردا سەرپێنرابوو، باراباس لە گردی جولجۆتا ڕادەما کە شوێنی لە خاچدانی سزادراوەکان بوو، لە پارچە خاچە تێکشکێنراوەکان و ئێسکوپرووسکە پەرشوبڵاوەکان، هاوکات هەستی دەکرد، ئەو پیاوەی کە ئێستا لە خاچ دەدرێت، شتێکی تایبەتی تێدایە، باراباس یەسووعی ناصری ناناسێت، بەڵام تا کۆتایی لە خاچدانەکەی لە گردی جولجۆتا بە دیارییەوە دەوەستێت، پاشان کە لە گۆڕی دەنێن سەردانی مەزارەکەی دەکات و بەبێ ئەوەی نوێژ و نزاو پاڕانەوەی بۆ بکات، [چونکە ئەو پیاوێکی بەد بوو و نوێژ و پاڕانەوەی قەبووڵ نەبوون، بە تایبەت کە هێشتا لە تاوانەکەی پاک نەبووبووەوە، بێجگە لەوەش ئەم مردووەکەی نەدەناسی، بەڵام بۆ ماوەیەک لەوێدا مایەوە] وەک لە هەڵسوکەوت و ڕەفتار و بیرکردنەوەکانی «باراباس» دەردەکەوێت، زۆرتر کەسێکی دوودڵ و گومانگەرا و خاوەن زەینێکی تێڕامان ئامێزە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە بە جەوهەری ڕاستییەکان بگات.

دەتوانم بەم پارچە شیعرەی خوارەوە گوزارشت لە جیهانی تایبەتی باراباس و لەبیرکردنەوەکانی بکەم.

**باراباس**<br>
**نە**<br>
**چەتەیە**<br>
**نە**<br>
**خاچپەرست**<br>
**و**<br>
**ئەتایست**<br>
**لە دالآنە تاریکەکانی**<br>
**دەروونیدا**<br>
**بەدوای**<br>
**ڕووناکی**<br>
**جوانییەکدا**<br>
**دەگەڕێ**<br>
**باوەڕی**<br>
**پێ**<br>
**بهێنێت**

باراباس دوای ئەوەی مەزاری «یەسووع» جێ دەهێڵێت، بەرەو ئۆرشەلیم دەکەوێتە ڕێ.

«پییێر لاگەرکڤیست»ی دانەر لەم ڕۆمانەدا بەشێوازێکی هێمایین و

تەمومژاوی مامەڵەی لەگەڵ هەندێک کەسایەتی ئینجیلیدا کردووە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوی نەهێناون، بۆ نموونە ئەو پیاوە لاواز و زەردهەڵگەڕاوەی کە لە زەمینی مردووان گەڕاوەتەوە و شوێنکەوتووانی «مەسیح» بەشێوەیەکی بەردەوام خەڵکانی گومانکار هان دەدەن تا سەردانی ئەم کەسە بکەن و هەتا بڕوا بە پەڕجوو «موجیرە»کانی «مەسیح» بهێنن، ئەم کەسە لە ئینجیلدا ناوی «لعازر»ە و مەسیح زیندووی کردووەتەوە و لە زەمینی مردووان گەڕاوەتەوە، یان ئەو ژنە لچقرتاوە، یان لێوقرتاوەی کە باراباس لە ئۆرشەلیم هەوڵدەدات قسەی لەگەڵ بکات و هێدی هێدی بەدەم ڕێکردنەوە دەچێتە تەنیشتی و دەیدوێنێت، ئەم ژنە لێوقرتاوە کە زۆرجار لە شوورەی شاری «گولان» ئاودیو دەبێت و چەندان پەرژین دەبڕێت و لەگەڵ گولەکان- گرووپ-سێکس دەکات، دواتر پیرەمێردێکی کوێر زمانی لێ دەدا و بەشوێنکەوتووانی «مەسیح» تۆمەتبار دەکرێت، پاشان بەردباران دەکرێت، پیرەمێردە کوێرەکە لەلایەن دەسەڵاتی ڕۆمانییەوە داوای لێ دەکرێت، پێویستە یەکەمین بەرد بگرێتە ژنە لێوقرتاوەکە، پیرەمێردەکە داواکارییەکە جێبەجێ دەکات، باراباس لەنێو حەشاماتی بەردبارانکردنەکەدایە و لە ناکاو بەدزییەوە چەقۆیەک بە لا تەنگەی پیرەمێردەکەدا دەکات و لەوێ دەیکوژێت، دەشێت ئەم ژنە لێوقرتاوە کە ڕەجم دەکرێت و لەم ڕۆمانەدا بەم شێوازە مامەڵەی لەگەڵ کراوە و لە هەندێک ڕووەوە ئاماژە بێت بۆ کەسایەتی «مەریەم»ی مەجدەلییە، کە دانەری ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناوی نەهێناوە، پاشان کە شەو دادێت باراباس دەگەڕێتەوە شوێنی بەردبارانکردنەکە و تەرمی ئافرەتە لێوقرتاوەکە هەڵدەگرێت و بەرەو چیاکان دەبێتەوە و لە ئۆرشەلیمەوە بەنێو بیابانی بودادا بەرەو موئابستان و بۆ ئەو گۆڕستانەی منداڵەکەی لێوقرتاوی تێدا نێژراوە کە بە مردوویی لە دایک بووبوو، بەردی ئەشکەوتەکە لادەدات و تەرمەکە لەوێ دادەنێت. هەروەها کاتێک شوێنکەوتووانی «یەسووع» هەست دەکەن باراباس کەسێکە و باوەڕی بە ئایین نییە و هانی دەدەن سەردانی «لعازر» بکات، بەڵکو لەوێ باوەڕ بە مەسیح دەهێنێت و باراباس یەکسەر پرسیاری جیهانی مردووان لە لعازر دەکات و پێی دەڵێت مردن چییە؟ لعازر دەشڵەژێت و هەڵدەچێت، چونکە کەس ئەم پرسیارەی لێ نەکردووە، لعازر کە تازە لە جیهانی مردووان گەڕاوەتەوە و مەسیح زیندووی کردووەتەوە، دەڵێت مردن، واتە هیچ شتێ.

باراباس لەم سەردانەیدا هەستێکی نیهلیستی گەمارۆی هزری دەدات و بیر لە چەمکی بوون و نەبوون دەکاتەوە، باراباس مرۆڤێکی بێ باک و بێ موبالات، لە کووچە و کۆڵانەکانی ئۆرشەلیم بێ کار و بێ مەبەست دەخولێتەوە و لە ئاپۆرای خەڵک و دەوروبەری ڕادەمێنێت و بێ دەنگ و کەمدوو و نیگەران، تاقەتی نییە لەگەڵ کەس بدوێت، زۆرتر چێژ لە بێ دەنگی و تەنیاییەکەی دەبینێت.

دەقی باراباس زۆرتر لە ڕێگەی دیمەنەوە بەردەوامی بەکردەی نووسین دەدات، باراباس لەگەڵ ژنە لێوقرتاوەکە لە کۆڵانەکانی ئۆرشەلیم ڕێ دەکەن، لەناکاو دەرگای کوختێک دەکرێتەوە و ژنە قەڵەوەکە داوایان لێ دەکات بێنە ژوورەوە، ئەم دیمەنە، بریتییە لە مەجلیسی شەراب نۆشین و سێکس کردن، باراباس ئەو خواردنەی کە ژنە قەڵەوەکە بۆی دەهێنێت، تۆزێکی لێ دەخوات و دەیخاتە بەردەم ژنە لێوقرتاوەکە، ئەویش بە ئیشتیهاوە خواردنەکە دەخوات و یەکسەر دەڕوات و شوێنەکە جێ دەهێڵێت، لەوێ باراباس لەگەڵ دوو پیاو، کە لە چیاکانەوە هاتوون و چەکەکانیان لەژێر پاڵتۆکانیان شاردووەتەوە و چەند ژنێکیش دانیشتووە، هەموو بەیەکەوە شەراب دەنۆشن و باس لە موجیزە و ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی مەسیح و لەخاچدانی دەکەن.

ژنە قەڵەوەکە دەڵێت: ئەوان خوویان بەوەوە گرتبوو لە جەژنی پیساکدا یەکێکیان ئازاد دەکرد، مەبەست لە «یەسووع و باراباس»ە بەخۆشی ئازادکردنی باراباس دەخۆنەوە، پیاوەکان جگە لە ژنە قەڵەوەکە هەر جارێک ژنێک دەبەنە پشت پەردەکەوە کە بەشێکی لە ژوورەکەدا بڕیوە، ژنە قەڵەوەکە بە مەستی دەستبازی لەگەڵ باراباسدا دەکات و ختووکەی دەدات و بەیەکەوە دەخەون، هەر باشە لەم

زیندان و کۆت و پێوەندە ڕزگارت بوو، بە زیندوویی ماویتەوە، ژنە قەڵەوەکە بەم دەربڕینە هەست و نەستی دەخاتە ڕوو، بەڵام باراباس سەرەتا لە کوختەکەدا نیگەرانە، چاوەگێڕێت و بیر لەتاریکییەکەی جۆلجۆتا و ساتی لە خاچدانی مەسیح دەکاتەوە و چاو دەبڕێتە گەڵا وشکەوە بووەکانی بنمیچی کوختەکە، دوو پیاوەکە لەگەڵ کەوتنی خۆر بۆی دەردەچن و ڕوو لە چیاکان دەکەن، ئەم دوو پیاوە چەکدارە بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لەشێوەی دوو ئەشقیاو یاخی دەردەکەون، لە هەمان کاتدا خوێنەر لە ڕێگەی ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکانەوە هەست دەکات دەقی باراباس لە بنیادی قووڵدا کۆمەڵێک بابەتی سیاسی دەورووژێنێت کە پابەندن بە هەژموونی دەسەڵاتەوە، تەنانەت پەیامەکەی عیسای مەسیحیش کە جەخت لەسەر خۆشەویستی و برایەتی دەکات، لە بنەڕەتدا بزاڤێکی ئایینی و سیاسییە، مورید و شوێنکەوتووەکانی دەیانەوێت دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام کێشەی «باراباس» ئەوەیە، مرۆڤێکە هەمیشە بیردەکاتەوە و دەیەوێت خورافات لە ڕاستییەکان جیا بکاتەوە، لە ئۆرشەلیم چاوی بە مرۆڤێکی کەتەی ڕیشسوور دەکەوێت، لەسەر شۆستەیەک دانیشتووە و کڵۆڵ و غەمگین، گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، وەرگر لە ڕستە و بیروبۆچوونەکانی کابرا دەزانێت، ئەمە «یەهووزای ئیسخریوتی»یە، ئەگەرنا دەق بە هیچ شێوەیەک ناوی نابات، لە باراباس دەپرسێت تۆ خەڵکی ئۆرشەلیمی.. نەخێر من خەڵکی چیاکانی بەرخۆرهەڵاتم، یەهووزا دەڵێ خەڵکی ئۆرشەلیم جێی متمانە نین، باراباس منیش متمانەم بە کەس نییە! یەهووزا لە بارەی عیسای مەسیحەوە دەدوێت، ئەوەی لە گردەکەی جۆلجۆتا لە خاچ درا هەولێ دا لە پێناوی ئێمەدا ئازار بچێژێ و بمرێ، ئەو بە کەسێکی بگوتایە دوام بکەوە، ئیتر ناچار بوو دوای بکەوێ، ئەو لە نێو مردووواندا هەڵدەستێتەوە سبەی سێیەمین ڕۆژە، کوڕی مرۆڤ، ئەو کوڕی خوایە دێتەوە، بۆ ئەوەی بەسەر خاکستانی خۆیدا فەرمانڕەوایی بکا.

- باراباس شانی هەڵتەکاند.
- باوەڕ ناکەی؟
- نەخێر.

یەهووزای ئیسخریوتی- یەکێکە لە دوازدە قوتابییەکانی مەسیح، یەهووزا سەمعان ئیسخریوتی»یشی پێ دەگوترێت، بەپێی ئینجیلە یاساییەکان یەهووزا ناپاکی لە مەسیح کردووە و ڕادەستی جووەکانی کردووە، یەهووزا خەزێنەداری مەسیح بووە و دزی لێ کردووە، بەرانبەر بە ٣٠ پارچە زیو ڕادەستی جووەکانی دەکات و دواتر لە کردەوەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە و پارچە زیوەکانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە و دەڕوات و خۆی دەکوژێت، بەڵام دەقی باراباس ناوی یەهووزا ناهێنێت، کەچی ئاماژە بەوە دەدات کە نکوڵی لە خودی عیسای مەسیح و پەیامەکەی کردووە.

باراباس بەپێچەوانەی شوێنکەوتووانی «عیسای مەسیح» بیری دەکردەوە، کەسێکی ژیاندۆست، ڕقی لە مەرگ دەبووەوە، کەچی ئەوان بەردەوام لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی (مەسیح)دا دەژیان «یەکترتان خۆش بوێ»، یان بیرۆکەی برایەتی و ژەمە خواردنی خۆشەویستی، ئەوان بە دڵ پێیان وابوو، مورشیدەکەیان، کوڕی خودا، لەنێو مردووەکانەوە هەڵساوەتەوە، هێندە نابات و پێشڕەوی لەشکرەکانی ئاسمان دەکات و خاکستانی خۆی لەسەر زەوی ڕۆدەنێت، ئافرەتە لێوقرتاوەکە بە دڵ و گیان بڕوای بە ئامۆژگاری و فەرمایشتەکانی مەسیح هەبوو، بەڵام باراباس ئەم پرسیارەی لەلا دروست دەبێت «ئاخۆ ئەوان لەخۆیان زیاترکەسی تریان خۆش دەویست، کە وەکو خۆیان نەبوو».

دەقی باراباس لە ڕێگەی ئەم پرسیارە گرنگەوە چەمکی داخراوی ئایدیۆلۆجی هەڵدەوەشێنێتەوە، کە هزری داخراوی تیۆلۆجی قۆرخ دەکرێت و بڕوای بەبیروڕای جیاوازی نامێنێت و ئەوی تری جیاواز لەخۆی وەلادەنێت و دەیبوغزێنێت، کەواتە ئەوە چەمکی ژەهراوی ئایدیۆلۆجیایە کە بەردەوام ئاشووب و دووبەرەکی دەنێتەوە، ئایدیۆلۆجیا لەنێو هزر و تێڕوانینی زۆربەی دەستەو گرووپەکاندا بوونی هەیە، ئەگەر «پییێر لاگەرکیڤیست»ی دانەر لەم ڕۆمانەدا توخمی ئایدیۆلۆجیای لەنێو هزری دێرینی ئەوسای ئایینی مەسیحیدا دۆزیبێتەوە، ئەوە ئێستا و لەم سەردەمەی ئێمەدا دەتوانم بڵێم ئەم توخمە ژەهراوییە لەنێو

عەقڵییەت و بیرکردنەوەی زۆربەی دەستەو تاقم و گرووپ و ڕێکخراوە ناسیۆنالیستی و تیۆلۆژییەکاندا بوونی هەیە، بەشێکی زۆری شەڕ و دووبەرەکی و یەکتر قبووڵنەکردن و ئاژاوە نانەوەکان لەم خاڵەوە سەرچاوە دەگرن، چونکە ئایدیۆلۆجیا جیهانێکی تاریک و داخراوی لەچوارچێوە گیراوە و بڕوای بە جوانی و جیاوازی نییە، ئەوەی بە چەشنی ئەو بیرنەکاتەوە نەک هەر دەیبوغزێنێت، بەڵکو هەوڵی لەنێوبردنیشی دەدات، بۆیە باراباس لەم ڕۆمانەدا کارەکتەرێکی تەنیا و نیگەران و دژە ئایدیۆلۆژیایە، بڕوای بە خۆشەویستی و جوانی و جیاوازی و پێکەوەژیان هەیە و گوێ بۆ هەموو بیروبۆچوونە جیاوازەکان هەڵدەخات، هاوکات هەست دەکات جۆرێک لە ستەم و نادادپەروەری و وەحشیگەری بوونی جیهانی داگیرکردووە و دەسەڵاتە ستەمکارەکان بە شێوەیەکی دڕندانە مرۆڤەکان دەچەوسێننەوە و نرخ و بەها بۆ چەمکی مرۆڤایەتی ناهێڵن، ئاوا لەم خاڵە هزرییە گرنگانەوە کە ڕۆمانی باراباس بڕوای بە بیروڕا جیاوازەکان هەیە و هاوکات دژە ئایدیۆلۆژیایە، دەکەوێتە خانەی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنەوە، باراباس ڕێزی لە برایانی کۆڵانی گۆزەکەران دەنا کە بڕوایان بە ژەمە خواردنی خۆشەویستی و فەرمایشت و پەرجووەکانی مەسیح هەبوو، بۆ خۆیشی بڕوای بە ئازادییەکانی تاک هەبوو دژی ڕەوشی کۆیلایەتی بوو، ماوەیەک لە ماڵی ژنە قەڵەوەکە ژیا، بەڵام کە دەچووە دەرەوە، قیزی لە هەموو شت و کەسێک دەبووەوە.

ڕۆمانی باراباس لە زۆر شوێندا بە زمانێکی ئایرۆنی و پارادۆکس و تەنز، مۆرکی گومانگەرایی باراباس دەخاتەڕوو، بە تایبەتی لە دیمەنی بەردباران کردنی ژنە لچقرتاوەکە، کە مورشیدەکەیان فریای ناکەوێت، یان ئەوکاتەی تەرمی ژنەکە دەگوێزێتەوە لە کۆتاییدا بە تەنزەوە دەڵێت «یەکترتان خۆش بوێ».

دەقی باراباس کۆمەڵێک تێمای جۆراوجۆر دەوروژێنێت، شوێنکەوتووانی مەسیح بەنزاو پاڕانەوە و سرووتەوە بەدوای فریادڕەسەکەدا وێڵن، یەسووعی لە خاچدراو کە پێی وتن یەکترتان خۆش بوێت. باراباس ماوەیەک لە ماڵی ژنە قەڵەوەکە دەمێنێتەوە، پاشان بێ ئیشوکار و مەبەست لە کووچە و کۆڵانەکانی ئۆرشەلیمدا دەخولێتەوە، باراباس خاوەن کەسایەتییەکی ئاڵۆزە، «ئێلیاهۆ»ی باوکی کاتێک خۆی بە نیازی کوشتن چەقۆیەکی لەژێر چاوی داوە و هەڵیداوەتە نێو دۆڵێکەوە، دایکی باراباس ژنێکی موورابی بوو، فرۆشرابووە سۆزانیخانەیەک، سیفاتەکانی دایکی لە هەندێک ڕووەوە لە سیفاتەکانی «ئەلیزابێث»ی دایکی سمیردیاکۆفی ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤ دەکات، دەق زۆر بە وردی لە سامارێتەکان دەدوێت کە ڕقیان لە پەرستگەی ئۆرشەلیم و ڕابینەکان دەبووەوە، ڕۆمییەکان و جەژنی پیساک، کانە مسەکان لە میسر و ژیانی کۆیلەکان، باراباس لەلایەن دەسەڵاتی ڕۆمییەکانەوە بەدیل دەگیرێت، وەک کۆیلەیەک ڕەوانەی کانە مسەکان دەکرێت، لەوێ «ساهاک»ی ئەرمەنی دەناسێت و بەیەکەوە لەلایەن چاودێرەکانی کانی مسەکەوە ساهاک و باراباس پێکەوە بەزنجیر دەبەسترێنەوە، لەژێر شریخەی قامچییەکانی چاودێرەکاندا کاردەکەن، کورتە بنەی یەکچاو لەسەر دزینی دوو جامۆلکە ئارد چاوێکیان هەڵکۆڵیوە و دێ و دەزانێت ئیمزای دەوڵەتی ڕۆمەکان و هێمای «سێسار»ی خوای ڕۆمەکان لەسەر نەخشی ملوانکەی ساهاک و باراباس سڕاونەتەوە و لە شوێنی ئەوان ناوی «کریستۆس ئیسۆس» نەخشێنراوە. تومەز کورتە بنەی یەکچاو سیخوڕە و یەکسەر لای دادوەری ڕۆمەکان ڕاپۆرتیان لێ دەدات و دادگایی دەکرێن، دادوەر لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکات، ساهاک خۆی بە کۆیلەی مەسیح دەزانێ و کۆیلایەتی «سێسار» ڕەت دەکاتەوە و لەسەر باوەڕی خۆی سوورە، بۆیە بە هەمان شێوەی مەسیح لە خاچ دەدرێت، بەڵام باراباس کەسێکی بێ باوەڕە و لەبەر دڵی ساهاکی هاوڕێی ناوی «کریستۆس ئیسۆس»ی لەسەر ملوانکەی نەخشاندووە، پاشان هێڵێکی ڕاست و چەپی بەسەر نەخشەکەدا هێناوە، ساهاک ناتوانێت نکوڵی لە خواکەی خۆی بکات و دەست لە خواکەی خۆی هەڵبگرێت، لای ئەو مەسیح خوای خۆشەویستییە، «یەکترتان خۆش بوێ» دەقی باراباس لە ڕێگەی تەکنیکی دیالۆگەوە پرسە سەرەکییەکان دەوروژێنێت و

بیروباوەڕ و بۆچوونی کارەکتەرەکان دەخرێنە ڕوو، باراباس کەسێکی ئەتایست و بێ خودا و بێ باوەڕە، کە دادوەر لێی دەپرسێت ئەی بۆ ناوی یەسووعت لەسەر ملوانکەکەت نەخشاندووە؟ دەڵێت: چونکە پڕ بەدڵ حەزم دەکرد باوەڕم هەبێ! باراباس لەسەر ئەوە سوورە کە خودا نییە، بەڵام باراباس بەردەوام لەناخەوە هەست بە تەنیایی و نیگەرانی دەکات، دوای ئەوەی دادوەر لەگەڵ خۆی دەیبات و دەگەنە شاری «ڕۆما» باراباس لەوێش لەگەڵ کۆیلەکانی تر ناگونجێت و چێژ لە جوانی خانووبەرەو پەرستگاکان نابینێت، بەردەوام لەگەڵ ترس و مردن و نیگەرانی و تەنیایی دەژیت. جێ برینەکەی ژێر چاوی کە باوکی بەنیازی کوشتن لێی داوە، ناوی نیشانەکەی خواکەی ملی کە خەتێکی ڕاست و چەپی بەسەردا هێنراوە، کاتێک ئاگر بەردەبێتە شاری ڕۆما، باراباس وادەزانێت ئەوە مەسیحییەکانن دەیانەوێت ڕۆما بسووتێنن، ئەو لە ڕاستە خۆی بەشداری لە ئاگر کەوتنەوەکە دەکات و چەند شوێنێک دەسووتێنێت، هەروەها دەیەوێ تۆڵەی کۆیلایەتی لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ڕۆما بکاتەوە، دواجار باراباس چەشنی مەسیح و ساهاک لە خاچ دەدرێت، بەڵام ڕوحی خۆی بە تاریکی دەسپێرێت!

واتە بوونی مرۆڤ لە تاریکییەوە سەر هەڵدەدات و بەرەو تاریکی دەگەڕێتەوە، کەسایەتی باراباس لەو پارچە شیعرەی نووسیومە بە ئەتایست لە قەڵەم نەدراوە و بوونی خۆی لە عیشق و جوانی ژنە لچقرتاوەکەدا دەدۆزێتەوە، ڕەنگە ئەگەر بمابایە لە ڕێگەی جوانی ئەو ژنەوە باوەڕی بهێنایە، بەڵام لە کۆی ئەم خوێندنەوەیەدا، باراباس وەک مرۆیەکی تەنیا و نیگەران و ئەتایست دەردەکەوێت و دواجار گیانی خۆی بەتاریکی ڕەها و پەتی دەسپێرێت، ئاخر باراباس لە تۆڵەی ژنە لێوقرتاوەکە شاری ڕۆما دەسووتێنێت و لە خاچ دەدرێت!..

**سەرچاوە:**

**١- ناوی کتێب: باراباس**

**ناوی نووسەر: پییتر لاگەرکڤیست**

**وەرگێڕانی لە سویدییەوە: خەبات عارف**

**بابەت: ڕۆمان**

**نۆبەی چاپ: یەکەم، ٢٠١٥**

**چاپخانە: پەنجەرە**

**ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە**

**٢- لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە سوودم لە هەندێ سەرچاوە وەرگرتووە.**